پلاندانان: ڕێژەی بێکاری لە عێراقدا دابەزیوە بۆ ١٣٪

وەزارەتی پلاندانانی عێراق دووپاتی، توانیویانە لەرێگەی پڕۆژە جێراوجێرەکانەوە هەلیکاری زۆر بڕەخسێنن و ڕێژەی بێکاری لە عێراقدا بۆ ١٣٪ کەمبکەنەوە.

ئەمە پێنجشەممە ٢٩ـی ئایاری ٢٠٢٥، عەبدولزەهرە هنداوی، وەزیری پلاندانانی عێراق وتی، ڕێژەی بێکاری لە عێراقدا لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیکردووە و لە ١٧٪ـەوە بۆ ١٣٪دابەزیوە.

باسی لەوەشکردووە، لەگەڵ ئەنجامدانی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانەوە توانیویانە هەلی کاری جێراوجێر بۆ چەندین کەس بڕەخسێنن و دەستی کاری نوێ بنیادبنێن.

ئاماژەی بەوەشکردووە، ڕێکارەکانی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی عێراق بۆ ڕێگرتن لە هاتنی کرێکاری بیانی بۆ ناو عێراق کاریگەریی زۆری لەسەر کەمبوونەوەی ڕێژەی بێکاری هەبووە.